# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 13 | حوزەیرانی 2011


## لـــەم ژمارەیـــــەدا


گەورە بەرپرسی سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان لین پاسکۆ سەردانی عیراق دەکات .................................... 1

باشترکردنی مافەکانی مرۆڤ لە زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن لە بەسـرا.................................. 2

قوربانییانی ئەشکەنجە بەرەو ئاوێتەبوونەوەی کۆمەڵایەتی 3

حکومەتی عیراق پێی وتراوە مەدەنییەکانی بپارێزێت.......3

جێگری نوێنەری تایبەت کریستین ماکناب سیستمی........4

بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی عیراق رادەگەیەنێ

دروستکردنی زانکۆی ئایندە لە عیراق.......................4

یەکسەر پاش تۆمارکردنیان، پەنابەران لە کەمپی عیراق دڵخۆشن بە خزمەتگوزاریی زیاتر.........................5

کۆمیسارییای باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران UNHCR یادی رۆژی جیهانیی پەنابەران دەکاتەوە..... 6

راپۆرتی کێ چی دەکات و لە کوێ.........................7

پزیشکە عیراقییەکان، هاوبەشکارانی رێکخراوی جیهانیی کۆچ بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی..........................7

رزگاربوویەکی مین خاوەن دوکانێکی سەرفرازی شیرنەمەنییە ............................................. 8

کورتە هەواڵ ............................................. 9

وتاری وێنەیی- گەران بەشوێن حەوانەوە لە هەولێر...... 10


## گەورە بەرپرسی سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان لین پاسکۆ سەردانی عیراق دەکات



جێگری سکرتێری گشتیی بۆ کاروباری سیاسی لین پاسکۆ لە چاوپێکەوتنێکی لە ١٢ی حوزەیران لە بەغدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عیراق، نوری مالیکی، و بەئامادەبوونی سەرۆکی یونامی، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاد میلکەرت. وێنە:زەید فەهمی/یونیسێف – عیراق

گەورە بەرپرسی سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی بەشی کاروباری سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەکیلی سکرتێری گشتی لین پاسکۆ لە ١١ تا ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١١ سەردانی عیراقی کرد.

لەو سەردانەدا، بەڕێز پاسکۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسان لە بەغدا و کەرکوك و هەولێر کرد، بە سەرۆکوەزیرانی عیراق نوری مالیکی و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئوسامە نوجەیفی و پارێزگاری کەرکوك نەجمەدین کەریم و سەرۆکی ئەنجومەنی پترێزگای کەرکوك حەسەن تۆران و سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەم ساڵح و وەزیری ناوخۆی هەرێم کەریم سنجاریشەوە.

وەکیلی سکرتێری گشتی لین پاسکۆ لە کۆتایی سەردانەکەی بۆ عیراق وتی ”ئەرکی ئێمەیە یارمەتیی عیراق بدەین، بەڵام چارەسەری کێشە و ئاستەنگانی عیراق دەبێ خۆماڵی بن. ئەو چارەسەرانە، بۆ ئەوەی لە دوور مەودا سەربگرت، دەبێ بە شێوەیەکی گشتگر بدۆزرێنەوە و هەموو لایەنە نەتەوەیی و



جێگری سکرتێری گشتیی بۆ کاروباری سیاسی لین پاسکۆ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك، نەجمەدین کەریم، لە ١٣ی حوزەیران لە کەرکوك. وێنە: وەسیم وەستین/ نووسینگەی راگەیاندنی یونامی-کەرکوك

> ***هیوادارم ئەم ئامرازە نوێیە (سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی عیراق)، کە لە توانایدایە وێنەیەکی تەواوی هەموو پڕۆژەکانی پەرەپێدان لە عیراق نیشان بدات، هەموومان هان بدات بۆ رێزگرتن لە پابەندییەکانمان بەرامبەر عیراق بە هاوبەشکردنی زانیاری***
>
> ***جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق خاتوو کریستین ماکناب***

ئاینی و جیاوازییە سیاسییەکان لەخۆبگرن، بە کۆمەڵگای مەدەنی و لاوان و ئافرەتانیشەوە وەك هاوبەشی هاوتا.“

لە کۆبوونەوەکانیدا، بەڕێز پاسکۆ پابەندیی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە بەردەوامبوونی هاوکاریکردنی عیراق دووپاتکردەوە و لەگەڵ خانەخوێکانیشی لەوەیان کۆڵییەوە چۆن نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ باشتر بەدەنگەوەچوونی پێویستییەکانی خەڵك. بەڕێز پاسکۆ هەروەها جەختی کردە سەر ئامادەیی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) بۆ یارمەتیدانی لایەنە عیراقییە پەیوەندیدارەکان لەپێناو دەستنیشانکردنی چارەسەرێکی وا بۆ مەسەلەکانی پەیوەست بە ناوچەکانی سنوورە ناوخۆییە کێشەلەسەرەکان کە هەمموان وەکو یەك پێی رازی بن.

بەڕێزی هەروەها دووپاتیکردەوە (تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق) پابەندە بە هاوکاریکردنی عیراق و گەلەکەی لە ڕێی پێشکەشکردنی راوێژی تەکنیکی و شارەزایی و، پەرەپێدانی پرۆژەی هاوبەش و بەدەنگەوەچوونی مافەکانی مرۆڤ و ئاستەنگەکانی بوارەکانی مرۆیی و پەرەپێدان، بەتایبەتیش لە بواری گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان.



جێگری سکرتێری گشتیی بۆ کاروباری سیاسی لین پاسکۆ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەریم سنجاری، لە ١٣ی حوزەیران لە هەولێر.
وێنە: سالار بریفکانی/ نووسینگەی راگەیاندنی یونامی-هەولێر

**مافی مرۆڤ**

# باشترکردنی مافەکانی مرۆڤ لە زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن لە بەسرا

نوسینی: مارتن بونستید لە وسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە (UNAMI)

پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ویندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن لە بەسرا و شارە گەورەکانی سەرتاسەری عیراق واقیعە. راپۆرت هەن لەسەر رووداوەکانی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانییان و دەستبەسەرکراوان لە ژمارەیەك لەو بنکانەوە. زۆر جار خەڵك دەستگیرکراون، هەندێ جار تۆمەتیان دراوەتە پاڵ و بێ دادگاییکردن هێڵدراونەتەوە. لەوانش خراپتر، زۆر جار لە شوێنی وا هێڵدراونەتەوە کە زیاد جەنجاڵ و ناتەندروستن و پێداویستییە بنەڕەتییەکانیشیان تێدا نییە.

لە هەوڵێکدا بۆ باشترکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لەو بنکانە، لایەنی عیراقی لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد، کە دەیان زیندانی و دەستبەسەرکراوی مەدەنییان لایە، داوای هاوکاریی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە (یونامی)یان کردووە.

بە پشتگیریی دارایی حکومەتی شانشینی یەکگرتوو و لە رێی نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤەوە، نوسینگەی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە (یونامی) لە ٢٩ و ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١ سەکۆیکارێکی لە بەسرا سازکرد. ٢١ کارمەندی کارمەندی بنکە لە بەسرای وەزارەتی ناوخۆ (پۆلیس) و وەزارەتی داد سوودیان لەو سەکۆیکارە بینی کە جەختی کردبووە سەر مافەکانی مرۆڤ لە زیندان و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن.

شارەزایەکی عیراقیی مافەکانی مرۆڤ سەکۆیکارەکەی سازکرد و بەشدارانی ئاشناکرد بە پێوەرەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراوە عیراقی و نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها ئاشنای کردن بە مافە مرۆییەکانی زیندانییان و دەستبەسەران و، جەختیشی کردە سەر مافە بێچەندوچوونەکانی وەك قەدەغەکردنی تەواوی ئەشکەنجەدان.

لە مەشقەکەدا ڤیدیۆ کلیپی بیر وروژێنەر و دەور بینین بەکار هێنران کە بەشدارانیان خەریك کردبوو لەکاتی یەکەمین بەرخوردیان لەگەڵ مەسەلەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ژینگەی کارەکانیاندا. کۆتایی سەکۆیکارەکە دانیشتنێك بوو لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراوانی ئافرەت و هەرزەکار و بەشمەینەتی کۆمەڵایەتیی.

بەشداران هیوایان دەربڕی ئەو جۆرە مەشقە بە دادوەران و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بکرێت کە دەوری گرنگیان هەیە لە بەرزراگرتنی مافەکانی مرۆڤی زیندانییان و دەستبەسەرکراوان لە وڵاتدا.

یونامی بەپێی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بۆ بەرودان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق، لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە نوسینگەیەکی مافی مرۆڤی لە بەسـرا هەیە. نوسینگەکە چاودێریی رەوشی مافەکانی مرۆڤ دەکات و کارکردی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی هەیە و سەردانی زۆر دامەزراوەی سەروەرکردنی یاساش دەکات، بەتایبەتیش زیندانەکان.

لەگەڵ باشتربوونی رەوشی ئاسایش لە بەسـرا، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە یونامی جەختکردنەوە سەر بونیاتنانی دامەزراوەکان و بایەخدان بە هۆشیاری لەبارەی مافەکانی مرۆڤ لەڕێی گفتگۆوە و بەدەنگەوەچوونی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤی دەستپێکردووەتەوە.

## مافی مرۆڤ

# قوربانییانی ئەشکەنجە بەرەو ئاوێتەبوونەوەی کۆمەڵایەتی

نوسینی: دینا باسلان و کارۆلاین هامەربێرگ لە (UNOPS)




کارمەندێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کاری تیمی خۆناساندن سەبارەت بە پێشکەشکردن خزمەتگوزارییەکان بە قوربانییانی ئەشکەنجە لە پارێزگا نزیکەکاندا نمایش دەکات. وێنە: بنکەی ئاوەدانکردنەوەی بەهجەت ئەلفوئاد

لەکاتێکدا جیهان و عیراق لە ٢٦ی حوزەیراندا یادی رۆژی جیهانیی پشتگیریکردنی قوربانییانی ئەشکەنجەیان کردەوە، (بنکەی بەهجەتولفوئاد بۆ شیاندنەوەی قوربانییانی ئەشکەنجە) لە بەسرا سێمیناری ساڵانەی خۆی بەست بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر قوربانییەکان و کۆمەڵگا بە گشتی.

بەهجەتولفوئاد یەکێکە لەو دوو بنکە عیراقییەی شیاندنەوە کە (بەرنامەی پاراستنی دەستبەسەرکراوان و قوربانییانی ئەشکەنجە) پشتگیرییان دەکات لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی یەکێتیی ئەوروپا کە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان (یونۆپس UNOPS) جێبەجێی دەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە زیاتر لە ٤٠٠٠ قوربانی سەردانی ئەو دوو بنکەیان کردووە بۆ ئەوەی شارەزایانە یارمەتییان بدەن بۆ زاڵبوونیان بەسەر ئەزموون تۆقێنەرەکانیان. عەبدولناسر حوسێنی بەڕێوەبەری بەهجەتولفوئاد وتی "ئێمە ناتوانین پشت لە قوربانییانی ئەشکەنجە و توندوتیژی بکەین لەم کۆمەڵگایە. وەکو کۆمەڵگا، پێویستە کاریگەرییەکانی برینە دەروونییەکان بخەینە دوامانەوە و بەرەوە شیاندنەوە و ئاوێتەکردنەوە هەنگاو بنێین."

شارەزایانی پزیشکی بە دەرمان و چارەسەری جەستەیی چارەی دەردەکانی نەخۆشەکان دەکەن و دکتۆری دەروونیش دانیشتنی راوێژی دەروونییان بۆ رێکدەخەن بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ بیرەوەرییە ئازاردەرە خەفەکراوەکانیان. بنکەکە وەك سیستمێکی پشتگیرییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بڕوابەخۆبوونی قوربانییەکانی رووی تێدەکەن و باشترکردنی بەهرەکانیان لەڕێی مەشقی پیشەییەوە.

دانیشتنەکانی راوێژی دەروونی تەنها بۆ خودی قوربانییان نییە بەڵکو بۆ ئەندامانی خێزانەکانیشانە. خزمانی قوربانییانی ئەشکەنجە زۆر جار ئەوانیش ئازاری دەروونیی لاوەکییان هەیە و هەندێ جاریش توشی توندوتیژی و مامەڵەی خراپی خێزانی دەبنەوە بەهۆی کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئازارە دەروونییەکانی قوربانییان.

بەڕێز عەبدولناسر حوسێن روونیدەکاتەوە کە کردەوەی ئەشکەنجە پێچەوانە ناکرێتەوە، بەڵام هێشتا دەکرێ رێگری لە کاریگەرییەکانی دوای ئەشکەنجەدانەکە بکرێ کە چارەنوسسازە بۆ ئەندامانی خێزان کە ئەوانیش بە قوربانیی ئەو مامەڵە بێدادییە دادەندرێن."

پرۆژەکەی یونۆپس و یەکێتیی ئەوروپا پێشکەشکرنی ئەو خزمەتگوزارییانە فەراهەم دەکات لەڕێی پشتگیریی دارایی بۆ ئەو بنکانە کە تێچوونی کرێی بارەگا و دەرمان و کەلوپەلەکانی چارەسەری پزیشکی و شتی تریش دەگرێتەوە. پرۆژەکە مەشقی پێشکەوتووش بۆ کارمەندان لەسەر شێوازەکانی چارەسەرکردن و کۆمەك پەیداکردن و بەهرەکانی بەڕێوەبردن دابین دەکات بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی وادەی ئەم پشتگیریکردنەی ئێستاش بتوانن درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن.

لەگەڵ بەردەوامیی روودانی مامەڵەی خراپ لە سەرتاسەری عیراق، ئەم پڕۆژەیە دەتوانێ یارمەتیی تەنها ژمارەیەکی سنووورداری خەڵك بدات، بەڵام بۆ ئەو نەخۆشانەی لێرە یارمەتی دەدرێن خزامەتگوزارییەکە یەکجار گرنگە. سوودمەندێك کە بۆ ماوەی ١٤ مانگ ئامادەی دانیشتنەکانی چارەسەری دەروونی بووە وتی "بە ڕاست هەستدەکەم ئەم بنکەیە رێڕەوی ژیانمی گۆڕی. ئێستا وا هەستدەکەم خەفەت و نیگەرانییەکانم وا کاڵ دەبنەوە."

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە خاتوو ئایسلا جۆنز: ailsaj@unops.org or +96265902134



لە رێورەسمی داکۆکیکردن لە یادکردنەوەی رۆژی جیهانی بۆ پشتگیریکردنی قوربانییانی ئەشکەنجە، راوێژکاری پزیشکی لە (بنکەی ئاوەدانکردنەوەی بەهجەت ئەلفوئاد بۆ قوربانیانی ئەشکەنجە) وتارێك پێشکەش بە راگەیاندنی ناوخۆ دەکات. وێنە: بنکەی ئاوەدانکردنەوەی بەهجەت ئەلفوئاد

## چاوپێکەوتن

### حکومەتی عیراق پێی وتراوە مەدەنییەکانی بپارێزێت



Ivan Šimonovic

عیراق هاندراوە کاری زیاتر بکا سەبارەت بە پاراستنی مەدەنییەکانی لە توندوتیژی. ئیڤان سیمۆنۆڤی، یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، دەڵێ هێشتا لە عیراق ساڵانە ٤٠٠٠ کەس دەمرن لەکاتێکدا دەوڵەت بۆ ئاوەدانکردنەوە تێدەکۆشێ. ٨ ساڵ پێش ئێستا بوو کە هاوپەیمانی چەند وڵاتێك عیراقیان داگیرکرد و سەرۆکی پێشوو سەدام حوسێنیان لەکار لادا. جولی وۆکەر یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئیڤان سیمۆنۆڤی دەدوێنێ سەبارەت بە گەشتە ١٠ رۆژییەکەی ئەم دواییەی بۆ عیراق. ماوەی چاوپێکەوتنەکە: ٥ خولەك و ١٢ چرکە

پەرەپێدان

# جێگری نوێنەری تایبەت کریستین ماکناب سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی عیراق ڕادەگەیەنێ

(سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی عیراق) ئامرازێکە بۆ تەواو باشترکردنی شوێنپێهەڵگرتنی عیراق بۆ هاوکاری و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی سەرمایەی دەرەکی دانراوە و لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠١١ ڕاگەیەنرا.

لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی سیستەمەکە، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق خاتوو کریستین ماکناب وتی کە سیستەمە نوێیەکە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو پێشەوە لە ڕێڕەوی کاریگەریی پەرەپێدان لە وڵاتدا. سەرۆکوەزیرانی عیراق نوری مالیکی و وەزیری پلاندانان ئەلشوکری و ژمارەیەک میوانی دیاریش لە ڕێوڕەسمەکە ئامادەبوون.

سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی عیراق، کە یەکێتیی ئەوروپا و ئیسپانیا و USAID داراییەکەیان دابینکردووە، نزیکەی ساڵێک زیاترە هاتووەتە مەیدان ئەو کاتەی UNDP و (پرۆژەی تەتویر) بەرەو هەمان مەبەست هەنگاویان دەنا: پشتگیریکردنی حکومەتی عیراق بۆ پلاندانان و بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی باشتری تەواوی سەرمایەگوزاری لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، چ لە بودجەی نیشتیمانییەوە یان لە هاوکاریی دەرەکییەوە.

کۆمەکبەخشانیش سیستەمەکە بەکاردەهێنن و ئەوەندەی بکرێ زانیارییەکانیان تازەدەکەنەوە. جێگری نوێنەری تایبەت وتی "هیوادارم بەم ئامرازە نوێیە، کە لە توانایدایە وێنەیەکی تەواوی هەموو پرۆژەکانی پەرەپێدان لە عیراق نیشان بدات، هەموومان هان بدات بۆ ڕێزگرتن لە پابەندییەکانمان بەرامبەر عیراق بە هاوبەشکردنی زانیاری."

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێ لە پشتگیریکردنی حکومەتی عیراق لە هەوڵەکانی بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی هاوکارییەکانی و ئێستاش پشتگیریی نوسینگەی سەرۆکوەزیران و وەزارەتی پلاندانان دەکات بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزم و سیاسەت و پلانی کار و پرۆتۆکۆل و بونیادی بەڕێوەبردنی هاوکاریدا. وەک هاوبەشێک، نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها ئەوەندەی پێدەکرێ ڕاوێژ و ڕێنمایی و پێشنیار پێشکەش بکات؛ ئەوەی تر لە دەستی حکومەت خۆیدا دەبێ.

خاتوو ماکناب ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریی عیراق دەکات بۆ بەشداریکردن لە ڕووپێوی جاڕنامەی پاریس / ٢٠١٠ دەکات و عیراقیش بەشدارییەکانی خۆی پێشکەشی (ڕێکخەری نیشتیمانیی هاوکاری) کردووە. نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە پشتگیریکردنی زیاتری تەواوکردنی بەشدارییەکانی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان و بەشە نیشتیمانییەکەی ڕووپێوەکە.


جێگری نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان خاتوو کرستینا ماکناب. وێنە: نووسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی

جێگری نوێنەری تایبەت وتەکەی خۆی بە هیواخوازی کۆتایی پێهێنا: "هیوادارم گوێم لێبێ سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی عیراق بووەتە بەشێکی زمانی هاوبەشی ئاخاوتنمان و [...] بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنەکەشی لە سەرتاسەری هەموو ئاستەکانی حکومەت و کۆمەڵگەی کۆمەکبەخشانیش ڕەنگیداوەتەوە."

پەروەردە

# دروستکردنی زانکۆی ئایندە لە عیراق

نوسینی: سامیە سەعداوی / یونیسکۆ لە عیراق


بەڕێوەبەری یۆنیسکۆی عیراق و سەرۆکی زانکۆی فیلادەلفیای ئەردەنی یاداشتی لێکتیگەیشتن ئیمزا دەکەن. وێنە: یۆنسکۆ-عیراق

بۆ باشترکردنی خوێندنی باڵا لە عیراق، نوسینگەی عیراقی ڕێکخراوی (یونیسکۆ)، بە هاوبەشکاری لەگەڵ نوسینگەی خانمی یەکەمی قەتەر، خاتو شێخە مۆزا، میوانداریی چوارەم سەکۆیکاری کرد لەو زنجیرە سەکۆیکارانەی کە بەمەبەستی گەشەپێدان و فراوانکردنی (زانکۆی ڕاستەقینەی ئاڤیسێنا بۆ عیراق(Avicenna Virtual Campus for Iraq (AVCI بۆ عیراق دەبەسترێن.

(زانکۆ)کە، بە هاوبەشکاری لەگەڵ زانکۆکانی تەواوی هەرێمی دەریای سپی ، دەبێتە تۆڕەپەیوەندییەکی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژییەکانی زانیاری و پەیوەندی بۆ فێرکردنی قوتابیان و دروستکردنی پەیوەندییەکی جیهانی لە نێوان دەزگاکان و هەروەها بۆ هاوبەشکردنی باشترین جێبەجێکردنەکان و توێژینەوە و سەرچاوەکانیش.

چالاکییەکە لە ئەردەن لە ڕۆژانی ٢١-٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١١ ئەنجامدرا و بووە مایەی کۆکردنەوەی ٤ شارەزای جیهانیی بواری فێربوونی ئەلیکترۆنی کە لە وڵاتەکانی فەرەنسا و تورکیا و ئەلمانیاوە هاتبوون لەگەڵ تیمێکی عیراقی کە لە ١٨ کەس پێکهاتبوون و لە ٩ زانکۆوە هاتبوون بەمەبەستی دروستکردنی تیروانینێک لەسەر زانکۆ بۆ ئایندە لە عیراق.



بەشداربووانی سەکۆیکاری کامپەسی تەکنیکیی ئاڤیسینا کە لە زانکۆی فیلادەلفیا لە ئوردن لە ٢١ – ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١١ سازکرا. وێنە: یۆنسکۆ – عیراق

(زانکۆی فیلادلفیا)، کە بنکەیەکی سەرەکیی فێرکردنی ئەلیکترۆنی (یونیسکۆ)یە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، میوانداریی کۆبوونەوەکەی کرد کە جەختی کردە سەر باشکردنی چۆنایەتیی فێرکردن لە رێگەی باشکردنی بەرهەمهێنانی کۆرسەکانی ئینتەرنێت و پرۆسەی فێرکردنی تەواو و راستەقینە شانبەشانی دروستکردنی هاوبەشکاریی پتەو لە نێوان زانکۆکانی عیراق و جیهاندا.

تیمکەی عیراق، کە لە بەڕێوەبەران و شارەزایانی تەکنیکی و وانەوتنەوە لە زانکۆکانی بەغداد و بەسرە و سەلاحەدین پێکهاتبوو، بەیەکەوە کۆببوونەوە بۆ ئەوەی ٣ بنکەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی راگەیەنن. بەرپرسە باڵاکانی بەشەکانی کۆمپیوتەریش لە زانکۆکانی کوفە و موسڵ و موسەننا و ئەنبار و واسیت و سلێمانی ئامادەی ئەم چالاکییە بوون بە هیوای فراوانکردنی تۆڕەکە بۆ ئەوەی ٩ بنکەی تریش لە کۆتایی پرۆژەکە لە ٢٠١٣ بگرێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، چالاکییەکە هەلێك بوو بۆ بەرپرسی یونیسکۆی عیراق، موحەممەد جێلید، بۆ ئەوەی بە ئامادەبوونی بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی هەردوو ککومەتی بەغداد و کوردستان، Virtual Portal of Avicenna Virtual Campus of Iraq بخاتە روو.

(پۆرتاڵ)ەکە رووکاری سوودمەندانە و پلاتفۆرمی تەکنیکی و (پەرتوکخانەی راستەقینە) و (سیستەمی دڵنیایی باشکردنی ئاڤیسینا) دەگرێتە خۆی. لە دوو مانگی دادێت، تیمی فێرکردنی ئەلیکترۆنی عیراقی بە چڕی خولی ئەنتەرنێتی پێشکەش دەکەن بۆ ناردنی بۆ پەسندکردنی فەرمی (دەستەی زانستی ئاڤیسینا). خولە پەسندکراوەکانیش دوایی دەخرێنە ناو پۆرتاڵەکە بە مەبەستی بەکارهێنانی لەلایەن قوتابیە عیراقییەکانەوە.

سەرەڕای ئەم کۆبوونەوەش، نوسینگەی (یونیسکۆ)ی عیراق یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ زانکۆی فیلادلفیا ئیمزا کردووە بە مەبەستی پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی نوسینگەکە بۆ فراوانکردنی (زانکۆ) کە لە عیراق و بەمەش بەستنی بە (تۆڕەپەیوەندیی ئاڤیسینای دەریای سپیی ناوەڕاست)ەوە ئاسان دەبێت لەگەڵ گواستنەوەی ئەو ئەزموون و شارەزاییانەی کە لە ساڵانی رابردوو بنیات نراون.

کۆبوونەوەکە بواری بۆ بەشدارە عیراقییەکان رەخساند باشتر ئاشنای ئەزموونەکانی (زانکۆی تەکنیکیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تورکیا) و (زانکۆی هامبۆرگ لە ئەڵمانیا) ببن و ئەو هەموو دەرفەتەش ببینن کە خوێندنی ئەلیکترۆنی دەیانڕەخسێنێ بۆ باشترکردنی خوێندن بە گشتی و پەرەپێدانی پرۆسەی فێربوون بە درێژایی ژیان.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە سامیە سەعداوی، بەڕێوەبەری پڕۆژەی خوێندنی باڵا لە نوسینگەی عیراقی یونێسکۆ: s.saadaoui@unesco.org یان +962775454702

## پەنابەران

# یەکسەر پاش تۆمارکردنیان، پەنابەران لە کەمپی عیراق دڵخۆشن بە خزمەتگوزاریی زیاتر

نووسینی: هێلّن کۆکس، UNHCR لە عیراق



ئافرەتێکی پەنابەریی تورکی لەگەڵ دوو منداڵەکەی لە کەمپی مەخمور بەشداری لە پرۆسە تۆمارکردنە نوێیەکە دەکەن. ١٠.٢٤٠ پەنابەری تورکی نیشتەجێی کەمپی مەخمورن و زۆربەشیان لە دوای شەڕە چەکدارییەکانی رۆژهەڵاتی باشووری تورکیا لە ساڵی ١٩٩٤ هاتوونەتە عیراق. حکومەتی عیراقیش بە هاوکاریی UNHCR لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ەوە دەستیان بە پرۆسەیەکی تۆمارکردنی نوێ کرد بۆ هەموو پەنابەرانی کەمپەکە و پرۆسەکەش لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠١١ کۆتایی هات. (وێنە: هێڵن کۆکس/ UNHCR لە عیراق)

زیاتر لە ١٠.٠٠٠ پەنابەری تورکی ناویان لە کەمپی مەخموور لە باکووری عیراق تۆمارکرا لە دوایین قۆناغی راهێنان لەسەر ئاستی نشتیمانی بۆ دانی بەڵگەنامەی نشینگە بە پەنابەران و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان پێیان.

لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی تۆمارکردن لە مەخموور بەم دواییە، ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و حکومەتی عیراق گەیشتنە قۆناغی کۆتاییی تۆمارکردنی پەنابەران لە عیراق. پرۆسەی تۆمارکردنی پەنابەران لەسەر ئاستی نیشتیمانی لە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن حکومەتەوە دەستپێکرد و ئامانجیشی فراوانترکردنی بواری مافەکان و خزمەتگوزارییەکانە بۆ پەنابەران وەك دەستەبەرکردنی خوێندن و چاودێریی تەندروستی و مافی کارکردن و سەفەرکردن.

ئەوانەی تا ئێستا ناویان تۆمارکراوە پەنابەرە فەلەستینییەکانی شارەکانی بەغدا و موسڵ و پەنابەرە سورییەکانی شاری موسڵن . دوایین قۆناغی ئەم پرۆسەیە لە ١٩ی حوزەیران لە کەمپی مەخمور تەواو بوو بە تۆمارکردنی سەرجەم ١٠.٢٤٠ پەنابەری تورکی کە بۆ یەکەمین جار بەڵگەنامەی نشینگەیان وەرگرت. جێگری نوێنەری کۆمیسارییای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران بۆ پرۆسەی عیراق تاریق کوردی وتی "ئەمە بەڕاستی دەسکەوتێکی مەزنە، پرۆسەی تۆمارکردن واتە بنیاتنانی متمانە و دڵنیایی نێودەوڵەتی لە سروشتی مەدەنیی کەمپەکە."

دانیشتووانی کەمپی مەخمور لە ساڵی ١٩٩٤ لە تورکیا بەرەو عیراق هەڵاتن.

له سه‌ره‌تادا له كه‌مپی ئه‌تروش نزیك سنووری توركیا نیشته‌جێبوون و دواتر له ساڵی ٢٠٠٧ دابه‌ش بوون بۆ دوو گرووپ. له نێوان ٤٠٠٠ و ٥٠٠٠ په‌نابه‌ر بۆ نشینگه ناوخۆییه‌كانی پارێزگاكانی دهۆك و هه‌ولێر گواستیانه‌وه و به‌شه زۆره‌كه‌شیان بۆ كه‌مپی مه‌خمور گوێزرانه‌وه كه ئه‌مڕۆ به شارێكی بچووك ئه‌چێت كه خانووی دروستكراو به قوڕ و كه‌رپووچ و هه‌ندێ فرۆشگای خوارده‌مه‌نیی لێیه.

پرۆسه‌ی تۆماركردنی ئه‌م دواییه لیژنه‌ی هه‌میشه‌یی كاروباری په‌نابه‌ران سه‌ر به وه‌زاره‌تی ناوخۆی عیراقی به هاوكاریی ڕێكخراوی UNHCR ئه‌نجامیدا. به‌ڕێوه‌به‌ری نووسینگه‌ی هه‌ولێری ڕێكخراوی UNHCR به‌وه‌كاله‌ت ئیره‌ج ئیمۆمبه‌ردیڤ وتی " له مه‌خمور، ڕێكخراوی UNHCR هاوكاریی پێشكه‌شكردووه له ڕێكخستنی سه‌رجه‌م پرۆسه‌ی تۆماركردنه‌كه به ڕێكخستنی خولی ڕاهێنانی كارمه‌ندانی وه‌زاره‌تی ناوخۆ له‌سه‌ر كۆكردنه‌وه‌ی داتا و دابینكردنی كه‌لوپه‌لی ته‌كنیكیی گونجاویشه‌وه." تیمێكی چوار تا شه‌ش كه‌سیی ڕێكخراوی UNHCR، به به‌رپرسانی ته‌كنه‌لۆژیای زانیاریشه‌وه، ئاماده‌ی سه‌رجه‌م پرۆسه‌ی تۆماركردنه‌كه بوون له كه‌مپه‌كه كه چه‌ند مانگێكی خایاند.

تاریق كوردی له ڕێكخراوی UNHCR تیشكی خسته سه‌ر گرنگیی پرۆسه‌كه و وتی "پرۆسه‌ی تۆماركردن هه‌نگاوێكی زۆر گرنگه بۆ په‌نابه‌ران كه باری په‌نابه‌ریی خۆیان به‌هێز ده‌كه‌ن له ڕێگه‌ی وه‌رگرتنی كارتی نشینگه‌ی په‌نابه‌ران كه چه‌ندی ده‌سكه‌وتیان بۆ مسۆگه‌ر ده‌كات، جۆره‌ها سوود وه‌ربگرن وه‌ك گه‌ڕان به هه‌موو عیراقدا بێ هیچ سنووردار‌كردنێك."

ئه‌م كارته له سه‌ره‌تادا بۆ ماوه‌ی ساڵێك كاری پێده‌كرێت و دواتر بۆ ماوه‌ی پێنج ساڵ نوێده‌كرێته‌وه. په‌نابه‌ران به وه‌رگرتنی ئه‌م كارته به‌ڵگه‌نامه‌ی سه‌فه‌ركردنیان پێده‌درێت و ڕێیان پێده‌درێت كه سه‌فه‌ر بكه‌ن، بۆ نموونه بۆ ئه‌وخوێندكارانه‌ی كه ئاره‌زووی خوێندنیان هه‌یه له ده‌ره‌وه. هه‌روه‌ها، په‌نابه‌ران ڕێگه‌یان پێده‌درێت كه بچن بۆ دادگاكانی عیراق بۆ تۆماركردنی هاوسه‌رگیری، مافی وه‌رگرتنی خزمه‌تگوزارییه پزیشكییه‌كان و فێركردنی دابینكراوی حكومه‌تیان ده‌بێت له‌گه‌ڵ مافی كاركردنیش.

نزیكه‌ی ٢٠٠٠ په‌نابه‌ری ئه‌م كه‌مپه ئێستاكه وه‌كو كرێكاری ڕۆژانه یان له كۆمپانیاكان له شارۆچكه‌ی مه‌خمور ته‌نانه‌ت له شاری هه‌ولێریش كارده‌كه‌ن. دووریی شارۆچكه‌ی مه‌خمور له هه‌ولێر ته‌نها ٩٠ خوله‌كه به ئۆتومبێل. له‌گه‌ڵ ئه‌م پرۆسه‌ی دواییه‌ی تۆماركردن، په‌نابه‌ران له‌وانه‌یه ڕێیان پێبدرێت پۆسته حكومییه‌كانیش وه‌ربگرن كه چه‌ند ساڵێكه ده‌رچووانی زانكۆ داوای ڕه‌خساندنی ئه‌م هه‌له‌یان ده‌كرد.

ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی كه ناویان تۆماركراوه، مافی خاوه‌ندارێتیی زه‌وی و زار و ئۆتومبێل و كاری بازرگانییان پێده‌درێت و ده‌توانن كارتی سیسته‌می دابه‌شكردنی گشتی له حكومه‌ت وه‌ربگرن كه به‌م ڕێگه‌یه‌وه مافیان پێده‌درێت وه‌ك هه‌موو هاوڵاتییان و دانیشتووانی عیراقی به‌شه خۆراكی مانگانه وه‌ربگرن.

كاری ڕێكخراوی UNHCR له كه‌مپه‌كه پێكهادێت له چاودێریكردنی بارودۆخه‌كه به‌گشتی و هاوكاریی دارایی به گوێره‌ی كه‌یسه‌كان بۆ په‌نابه‌ره هه‌ره به‌ڵه‌نگازه‌كان وه‌ك ئه‌وانه‌ی نه‌خۆشی درێژخایه‌نیان هه‌یه. هه‌روه‌ها ڕێكخراوه‌كه كرێی گواستنه‌وه بۆ ئه‌و په‌نابه‌ره گه‌نجانه دابین ده‌كات كه له شاره‌كانی هه‌ولێر و دهۆك ده‌خوێنن، و چالاكییه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان و پاراستنی ئافره‌تان و گه‌نجان له ئه‌ستۆ ده‌گرێت له ڕێگه‌ی دوو هاوبه‌شیی جێبه‌جێكار.

دوای ته‌واوبوونی پرۆسه‌كه له كه‌مپی مه‌خمور، ڕێكخراوی UNHCR و حكومه‌تی عیراق به زووترین كات ده‌ست به پرۆسه‌ی تۆماركردنی په‌نابه‌رانی كه‌مپی باریكه ده‌كه‌ن كه نشینگه‌ی نزیكه‌ی ١٩٢٩ په‌نابه‌ری ئێرانییه.

بۆ زانیاریی زیاتر له‌سه‌ر ڕێكخراوی UNHCR له عیراق، تكایه په‌یوه‌ندی بكه‌ن به خاتوو هێڵن كۆكس: به‌رپرسی باڵای په‌یوه‌ندییه‌كانی ده‌ره‌وه: caux@un-hcr.org

## ڕۆژی جیهانیی په‌نابه‌ران

# كۆمیساریای باڵای نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان بۆ په‌نابه‌ران UNHCR یادی ڕۆژی جیهانیی په‌نابه‌ران ده‌كاته‌وه

نووسینی: هێڵن كۆكس، UNHCR له عیراق



ئافره‌تێكی په‌نابه‌ری فه‌له‌ستینی له كونی خێوه‌ته‌كه‌وه له كه‌مپی ئه‌لوه‌لید سه‌یری ده‌ره‌وه ده‌كات. ئه‌م كه‌مپه كه ده‌كه‌وێته نزیك سنووری عیراق و سوریا و ئێستادا ٥٤٠ په‌نابه‌ری فه‌له‌ستینی له خۆده‌گرێت. ڕێكخراوی UNHCR ١.٢٠٠ په‌نابه‌ری فه‌له‌ستینی له كه‌مپی ئه‌لوه‌لید بۆ جۆره‌ها وڵات ناردوون به‌مه‌به‌ستی نیشته‌جێكردن. له كۆی نزیكه‌ی ٣٤.٠٠٠ په‌نابه‌ری فه‌له‌ستینی له عیراق له ساڵی ٢٠٠٣ ، ئێستاكه كه‌متر له ١٠.٠٠٠ یان له عیراق ماوون. هه‌روه‌ها، كه‌مپی ئه‌لوه‌لید ١٧٣ په‌نابه‌ری كوردی ئێران و ١٠١ په‌نابه‌ری ئه‌حوازی ئێرانیشی تێدایه. (وێنه: هێڵن كۆكس/ UNHCR له عیراق)

له ٢٠ی حوزه‌یران ئاهه‌نگێك به‌بۆنه‌ی ڕۆژی جیهانیی په‌نابه‌ران سازكرا بۆ ڕێزلێنان له ملیۆنه‌ها په‌نابه‌ر و ئاواره له سه‌رتاسه‌ری جیهان ئه‌وانه‌ی كه له ترسی چه‌وساندنه‌وه ناچار كراون ماڵ و وڵاتی خۆیان به‌جێبێڵن.

نووسینگه‌ی كۆمیساری باڵای نه‌ته‌وه یه‌ككگرتووه‌كان بۆ په‌نابه‌ران UNHCR له عیراق و هاوبه‌شه‌كانی ژماره‌یه‌ك چالاكییان ئه‌نجام دا بۆ یادكردنه‌وه‌ی ڕۆژی جیهانیی په‌نابه‌ران.

له به‌غدا، UNHCR و ڕێكخراوی فریاگوزاریی ئیسلامی چالاكیی وێنه‌كێشان و نمایشێكی سیحریان بۆ ١٢٠ منداڵی په‌نابه‌ری فه‌له‌ستینی سازكرد و چالاكییه‌كانی شیعر خوێندنه‌وه و مۆسیقا و سه‌ما و نواندن و وه‌رزشیشیان له كامپی (ئه‌لوه‌لید) ڕێكخست.

له شاری هه‌ولێر، په‌نابه‌ر و ئاواره ناوخۆییه‌كان به‌شدارییان له ژماره‌یه‌ك چالاكی كرد وه‌ك وێنه‌كێشان و كاری ده‌ستكرد و وێنه‌گری و مۆسیقا و نمایشی شانۆی سه‌ر شه‌قام. له شاری سلێمانیش، خانمی یه‌كه‌می عیراق هێرۆ ئیبراهیم ئه‌حمه‌د تاڵه‌بانی پێشانگای وێنه‌یی ده‌رباره‌ی ژیانی ڕۆژانه‌ی په‌نابه‌ر و ئاواره ناوخۆییه‌كانی نشینگه‌كانی باریكه و شێوه‌ران كرده‌وه. یادكردنه‌وه‌ی ئه‌م ڕۆژه به هاوكاریی نووسینگه‌ی پارێزگاری هه‌ولێر و هاوبه‌شیی ڕێكخراوه ناحكومییه‌كان و بنكه‌ی هاوكاری و پاراستنی سه‌ر به UNHCR به‌ڕێوه‌چوو.

(ڕاپۆرتی UNHCR له‌سه‌ر ئاراسته جیهانییه‌كانی ساڵی ٢٠١٠ )، كه له ڕۆژی جیهانیی په‌نابه‌ران ده‌رچووه، ئاشكرایكرد كه‌وا عیراقییه‌كان له نێو ١٠ نه‌ته‌وه یه‌كه‌مه‌كانی په‌نابه‌رانن له سه‌ره‌تا و كۆتاییی ئه‌م ده ساڵه‌یه. هه‌وره‌ها ئاماژه‌یدا كه‌وا ئێستا ٤٣.٧ ملیۆن

کەس لە هەموو جیهاندا ئاوارەن، لە کاتێکدا ٢.١ ملیۆن کەسی ئۆروپی بە هۆی شەڕی دووەمی جیهانییەوە شوێنی خۆیان بە جێهێشتبوو و لە ژێر چاودێریی UNHCR بوون.

راپۆرتەکە ئاماژەیدا کەوا لە کۆی ٤٣.٧ ملیۆن کەس، ١٥.٤ ملیۆن کەس پەنابەرن (١٠.٥٥ ملیۆن کەس لە ژێر چاودێریی UNHCR و ٤.٨٢ ملیۆن کەسیش لە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە فریاگوزاری و کار بۆ پەنابەرانی فەلەستینی تۆمارکراون)، ٢٧.٥ ملیۆن کەس ئاوارە ناوخۆن بەهۆی ناکۆکییەکان، و نزیکەی ٨٥٠٠٠٠ کەسیش پەناخوازن.

UNHCR لە عیراق چاودێریی ٤٠٠٠٠ پەنابەر دەکات، بە پەنابەرانی فەلەستینی و ئێرانی و سوری و تورکیشەوە کە یان لە کەمپ و نشینگەکان ژیان بەسەر دەبەن یان لە ناو شارەکان دا دەژین.

هەروەها UNHCR لە نزیکەوە کار لەگەڵ حکومەتی عیراق دەکات بۆ هاوکاریکردنی ١.٣ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ لە وڵات، بەو ٤٦٧٠٠٠ کەسەشەوە کە لە ٣٨٢ نشینگە یاخود باڵاخانە گشتییەکانی سەرتاسەری عیراق لە باری زۆر ناخۆشدا دەژین.

لەو گروپەی ئاوارە ناوخۆییە هەرە بەڵەنگازەکان ١٤٨٠٠٠، ئاوارە لە ١٢١ نشینگە لە بەغدا دەژین. UNHCR هاوکاریی دەسەڵاتە عیراقییەکان دەکات بۆ باشتر سەلماندنی بارودۆخی ئاوارە ناوخۆییەکان، کە زۆربەیان کوردی فەیلی و بیدوون (بێناسنامە)ن و ژمارەیان بە نزیکەی ١٢٠٠٠٠ کەس دەخەملێندرێت.

لە ٢٠ی حوزەیران، کۆمیساری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ئەنتۆنیۆ گوتێرێس وتی "یەك پەنابەری بێ ئومێد هێشتا زۆرە" ، هەروەها وتی "جیهان ئەم کەسانە فەرامۆش دەکات و بەجێیان دەهێڵێت چاوەڕوانی نەمانی ناسەقامگیریی وڵاتی خۆیان بن و تا کاتێکی نادیاریش ژیانیان هەڵپەسێردراو بێت. وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان چیتر ناتوانن بەتەنیا بەردەوام بن ئەم بارە لە ئەستۆ بگرن و پێویستە جیهانی پێشکەوتوو لە پیشەسازی ئەم لاسەنگییە راست بکاتەوە. ئێمە زیادکردنی رێژەی نیشتەجێکردنەوەمان لا گرنگە و پێویستیمان بە خێراکردنی دەستپێشخەریی ئاشتییە بۆ ناکۆکییە درێژخایەنەکان بۆ ئەوەی پەنابەران بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان."

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە خاتوو هێلّن کۆکس: بەرپرسی باڵای پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ پرۆسەی UNHCR لە عیراق : caux@unhcr.org

## راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا

# راپۆرتی کێ چی دەکات و لە کوێ

نوسینی : تارا عەبدولمەجید / بەشی شیکار و زانیاریی یونامی




بەشی شیکار و زانیاریی ناورێکخراوەیی بە هاوکاریی (تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق) راپۆرتی (کێ چی دەکات و لەکوێ)ی بڵاوکردەوە کە بە (راپۆرتی ٣ دەبلیو) ناسراوە . ئەو راپۆرتە نەخشەیی و وێنەییە رووماڵی تەواوی چالاکییەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق دەکات و شیکارێکیش لەسەر ٢٢٤ پرۆژەی لەکارابووی نەتەوە یەکگرتووەکان و داراییەکەیان پێشکەش دەکات لەگەڵ ئەو کەرت و پارێزگایانەی کە ئەو پرۆژانەیان تێدایە.

راپۆرتی (کێ چی دەکات و لەکوێ) بریتییە لە داتابێسێك سەبارەت بە کارەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان و رێکخراوەکانی تر کە لە عیراق کار دەکەن بە دەستنیشانکردنی شوێنی ئەو کار و چالاکییانەشەوە. لە راستیدا، زانیاری لەسەر ئەوەوەی کە کام لەو رێکخراوانە (کێ) ئەم چالاکییانە ئەنجام دەدەن (چی) و شوێنی چالاکییەکانیش (لەکوێ) یارمەتیی هەوڵەکانی هەماهەنگسازی دەدەن بۆ بەهانەوەچوونی پێویستییەکانی عیراقییە هەرەبێدەرامەتەکان بە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و خۆدوورگرتن لە دووبارەبوونەوەی چالاکییەکان. هەر لە جێبەجێکردنی داتابێسی (٣ دبل یو)ش لە مانگی شوباتی ٢٠٠٨ەوە، زانیاری لەسەر ١٢٠٠ پرۆژە لە عیراقدا دراوە.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە خاتو تارا عەبدولمەجید بە ئیمێلی : abdulmejid@un.org, یانیش بە ژمارە مۆبایلی ٠٠٩٦٢٧٧٧٢٥١٥٠١

## تەندروستی

# پزیشکە عیراقییەکان، هاوبەشکارانی رێکخراوی جیهانیی کۆچ بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی



کارمەندێکی رێکخراوی جیهانی کۆچ بەدرێژایی دەستپێشخەری رەوانەکردنی پزیشکی لە لای مەحمود ماوەتەوە. (وێنە: مات گرەیدن/ IOM – عیراق)

نوسینی : کۆرتنی وێبستەر / رێکخراوی جیهانیی کۆچ- عیراق یونامی

بە ئەوپەڕی سوودبینینی لە هاوبەشکارە دەرەکییەکانی، رێکخراوی جیهانی کۆچ سەرکەوتووانە توانی ئەو منداڵانەی کە پێویستییان بە چارەسەری پزیشکی بەپەلە هەیە رەوانەی لای ئەو پزیشکە ناوخۆییانە بکات کە بە پرسی مرۆیی لەناوەوەی عیراق پابەندن.

(دەستپێشخەری رەوانەکردنی پزیشکی)ی بەردەوامی (رێکخراوی جیهانی کۆچ)ی لە عیراق لە ساڵی ٢٠١١ سەرکەوتنی لەرادەبەدەری نیشانداوە و لە فراوانبوون و گەشەکردنیش لەسەرتاسەری وڵاتدا هەر درێژەی دەبێت. لە ئەنجامی ئەم رەوانەکردنە دەرەکییانەشدا، ٦ سوودمەندی عیراقی راوێژی پزیشکیی تەواو و یارمەتی و نەشتەرگەرییان وەرگرتووە. چەندان رەوانەکردنی

تریش بەڕێوەن بەو پێیەی ئەم ڕێکخراوە لە هەر هەفتەیەکدا ڕەوانەکردنێکی دەرەکیی هەیە.

یەکێك لەنموونەکانیش مەحموودە کە منداڵێکی زۆر پرسیارکەرە و پێشتریش بەدست قۆڕییەوە دەیناڵاند. لە مانگی ئایاری ٢٠١١ش، کارمەندانی ڕێکخراوی جیهانی کۆچ هەڵسەنگاندنێکیان بۆ گوندێکی قەزای شێخانی پارێزگای نەینەوا کرد و دوای کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەوشی ناوبراو چاوپێکەوتنێکیشیان لەگەڵ خێزانەکەی کرد و پەیوەندیشیان بە دکتۆر قادر دۆسکییەوە کرد لە بەشی منداڵانی خەستەخانەی فێرکاریی دهۆك.

دکتۆر دۆسکی بەخشندانە ڕەزامەندیی لەسەر تەرخانکردنی کات و سەرچاوەی پێویستی خۆی بۆ چارەسەرکردنی مەحموود دەربڕی. ئەو کەیسی ئەو منداڵەی بە قۆڕبوونێکی زۆر خراپ دەستنیشانکرد کە پێشتر هەرگیز لە منداڵی لەو تەمەنەی نەبینیوە. ئەو وتی "ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوە قۆڕییەکە تادێت زۆر خراپتر دەبێت و دیاریش نییە کەی نەخۆشییەکە لە پڕ دەبێتە هەڕشە لەسەر گیانی". نەشتەرگەرییکە بە ڕێکی ئەنجامدرا و ڕێکخراوی جیهانیی کۆچیش لە بەدواداچوونی پێشوەچوونی ڕەوشی ئەو منداڵە هەر بەردەوام دەبێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر ماندوبوونی کارمەندانی مەیدانیی ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ و بەخشندەیی چەندان پزیشك لەسەرتاسەری عیراقدا نەبوایە ئەوە ڕەوانەکردنی پزیشکی هەرگیز ئەنجام نەدەدرا. ئەم پزیشکانە تامەزرۆی پێشکەشکردنی خزمەتکردن و ئاسانکاریی بەخۆڕایین بۆ عیراقییە پێویستەکان و بەراستیش هەڵگری ئەو گیانە مرۆییەن کە لەسەرتاسەری عیراقدا زۆر هەستی پێدەکرێت ئەگەرچی هێشتاش بەزۆری ئەم کارە بە ونی و بێ ستایش تێدەپەڕێت.

وەك ئەندامێکیش لە(تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق)، ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ لە نزیکەوە لەگەڵ سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی عیراقی کار دەکات بۆ پشتگیریکردنی ( پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی ٢٠١٠-٢٠١٤) و لەگەڵ تەواوی تیمەکانی ئەنجامی کەرتەکانی (پێکهاتەی هەماهەنگسازی)ی (تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق) ئاوێتە بووە.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕێکخراوی جیهانیی کۆچی عیراقی تکایە پەیوەندی بکە بە بێترام چامبێرس بە ئیمێلی : bchambers@iom.int

## چیرۆك

# ڕزگاربوویەکی مین خاوەن دوکانێکی سەرفرازی شیرنەمەنییە

عیراق-(UNDP) نوسینی: کای پێتەر ستابێل / ڕێکخراوی



ئەمین حەسەن سولەیمان، خاوەنێکی بەختەوەری دوکانی شیرنەمەنی و ڕزگاربووی کارەساتی مین. (وێنە: UNDP لە عیراق)

لەبەهاری ٢٠٠١ ئەمین حەسەن سولەیمان بەردی لە تەنێکی سەیر گرتبوو کە چەندان پەلەداری بچووکی لەسەر بوو کە ئەو لەکاتی لەوەڕاندنی ماڵاتەکەی لە گوندی بێخمە دۆزیبوویەوە. دەرکەوت ئەم تەنە ئەو پاشماوە تەقەمەنیانە بوون کە دەشتودەری عیراقیان پڕکردووە. لە ئەنجامدا ئەو تەنە تەقییەوە و ئەمینیش بەهۆیەوە قاچی ڕاستە و دەستی چەپ و چاوی چەپ و ٣ پەنجەی لەدەستدا. ئەوکاتە ئەو دەساڵانەبوو.

بەدەر لەو نیشانانەی کە ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لەسەر ئەمینیان جێهێشتبوو، خێزانەکەشی، کە پێشتریش بەکولەمەرگی دەژیان، تووشی چەرمەسەریی ئابووریی زیاتر هاتن. لە ئەنجامدا دیمەنی ئەمینیش ناشیرین بوو و هەر بۆیەش ئەو وازی لە قوتابخانە هێنا و هەتا دوای چاکبوونی برینەکانیشی ئەو هەر هەستی بە ناشیرینی خۆی دەکرد و شەرمیشی لە خەڵك دەکرد بە برادەرەکانیشیەوە.

لەم کاتوساتەدا، باوکی هەم بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد و هەمیش زۆربەی ئەرکی چاودێریکردنی ئەمینی لە ئەستۆبوو. هەموو ئەمانەش لە پڕ بە مردنی باوکی ئەمین لە کارەساتی مین دوای دوو ساڵ لە بریندابوونی کوڕەکەی کۆتاییان پێهات. بەم شێوەیە ڕەوشەکە لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوو. ئێستا دایکی ئەمین بە تەنیا لە گەڵ ٣ کچ، کە لەقوتابخانەی سەرتایی بوون، و ٢ کوڕی هەرزە جێماوە کە ئەمین گەورەترینیان بوو.

(بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی و شیاندنەوە و دەست و قاچی دەستکردی دیانە) لە قەزای سۆران، کە ڕێکخراوی (بەرنامەی یارمەتیی دەرەوەی حکومەتی ئوستڕالیا) لە ڕێگەی ڕێکخراوی (UNDP) یەوە داراییەکەی دابین دەکات، توانی بەفریای ئەمین بێت و دوو پەلی دەستکردی بۆ دروست بکات و، بەمەش، لە دروستکردنی پرۆژەیەکی کەمداهات یارمەتی بدات وەك بەشێك لە بووژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یارمەتی سەرلەنوێتێکەڵبوونەوە کە بۆ قوربانییانی مین دابین دەکرێت.

ئێستا ئەمین یەکێکە لەو ٤٠٠٠ کەسە پەککەوتەیەی کە شیاندنەوەی جەستەیی وەردەگرن و لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا سەربەخۆن بەهۆی دابینکردنی زیاتر لە ٣٨٨٠ کەرەسەی ئەندامی دەستکرد و زیاتر لە ٣١٩٠ کەرەسەی گەڕان لەساڵی ٢٠٠٩وە. سەرەڕای (بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی و شیاندنەوەو دەست و قاچی دەستکردی دیانە)ش، ڕێکخراوی (UNDP) یارمەتیی ٣ ڕێکخراوی تری ناحکومی دەدات لە هەر ٣ پارێزگایەکەی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی دارایی (AusAID) ئوستڕالییەوە، یارمەتیی قوربانییانی مین دەدەن.

ئێستا ئەمین شانازی دەکات کە دوکانی شیرنەمەنیی هەیە. بەو داهاتەی لە یەکەم ساڵیش پەیدای کردووە ئەمین توانی ئامێری تەلەفزیۆن و سەتەلایت بۆ دوکانە بچووکەکەی بکڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت کاسبییەکەی باشتر بکات.

ئەمین خۆی لەمبارەوە دەڵێت "ئێستا من هەست دەکەم کە

پیاوێکی دەستەوستان نیم و چیتربەسەر خێزانەکەشمەوە نەبوومەتە بار . من زۆر لەمبارەوە خۆم بە بەختیار دەزانم. ئێستا من هیچی تر شەرم لە برادەرەکانم ناکەم و بە پێچەوانەوە من ئەوان بۆ سەردانکردنی دوکانەکەم هان دەدەم و بگرە برادەرم لە پێشووش زیاترە. ئەوان هیچی تر بە هیچ شێوەیەک نە گاڵتەم پێدەکەن و نە تیروتوانجیشم تێدەگرن“.

ئەو لەلایەن خۆیەوە زۆر زیرەکانە هەڵسوکەوتی دەکرد بەوەی لەرێگەی بەیەکەوە سەیرکردنی فیلمی کارتۆن و تۆپانێ منداڵان بۆ ناو دوکانەکەی هاندەدات. ئەمەش وای کرد کڕیاری زیاتر بۆ دووکانەکەی رابکێشێت و زیاتر کاتەکانیان لە دووکانەکە بەسەر برن.

هەروەها ئەمین دەڵێت ”ئێستا تاکە خەونم فراوانکردنی دوکانەکەمە و خۆشبەختانە داهاتەکەشم بە چاکی بەشی یارمەتیدانی خێزانەکەم دەکات لەگەڵ خەونی ئەوەش کە برا و خوشکەکانم بتوانن قوتابخانەیان تەواو بکەن“.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە: کای پێتەر ستابێل/ شارەزای بەرنامە-کاری مین/ رێکخراوی (UNDP)-عیراق بە ئیمێلی : kai.stabell@undp.or

یانیش ئەریج ئەلموستاف / رێکخراوی (UNDP)-عیراق بە ئیمێلی : Areej.Al-musttaf@undp.org

## کورتە هەواڵ

### پەرلەمانتاران لە چوارچێوەی (میکانیزمی راوێژی بەردەوام) کۆدەبنەوە

بە چاودێریی (یونامی) و لە چوارچێوەی (میکانیزمی راوێژی بەردەوام)دا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە ١٦ی حوزەیران کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانە کورد و عەرەب و تورکمان و کریستانەکانی شاری کەرکوک کرد بۆ تاوتوێکردنی شێوازەکانی بەرەوپێشبردنی ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە کەرکوکەوە هەیە، بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و هاوبەشکاریی ئیداریشەوە.

کۆبوونەوەکە درێژەپێدەری هەوڵە پێشترەکانی یونامی بوو بۆ بەیەکەوە کۆکردنەوەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی شاری کەرکوک بۆ بە ئاشکرا تاوتوێکردنی پرسە هەڵواسراوەکان بەمەبەستی گەیشتن بە رێککەوتنێک کە ببێتە مایە رەزامەندی هەموو لایەک.

شایانی باسە ١٢ ئەندام پەرلەمان لەم گفتوگۆیە ئامادە بوون و رازیش بوون لەسەر درێژەپێدانی

تاوتوێکردنەکان و بەیەکەوە کارکردن.

### یەکەم راپۆرتی هاوبەشی تەندروستیی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەککەوتەیی

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق لە ٢١ی حوزەیران ( راپۆرتی جیهانیی پەککەوتەیی )یان راگەیاند.

راپۆرتی هاوبەشی تەندروستیی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەککەوتەیی، کە تائێستا یەکەمە، بەبەکارهێنانی تازەترین بەڵگەی زانستی هەڵسەنگاندنێکی جیهانی لەسەر پرسەکە دەدات. هەروەها راپۆرتەکە دەبێتە مایەی پێشکەشکردنی هەڵسەنگانی بڵاوبووەی تازە لەساڵی ١٩٧٠وە و ژمارەیەک شێواز و راسپاردەش دەخاتە روو بۆ بەتواناکردنی خەڵکی خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتەکان و ژێرخان و زانیاری و کارەکان.

ئێستا، حکومەت ئەو خزمەتانە فراوان دەکات کە لەسەر بنەمای کۆمەڵگە دامەزراون و دەبنە مایەی کەمکردنەوەی ئازاری نزیکەی ١٢٣ پەککەوتە و هاوکاریکردنی بنکەکانی بووژاندنەوە لە عیراقدا.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی یارمەتیی وەزارەتی تەندروستیی دەدات بۆ بەهێزکردن و باشکردنی سیستەمی تۆمارکردنی پەککەوتە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سیستەمەکانی تەندروستی گشتگرانەتر و بەربڵاوتر ئەم توێژە دەگرنەوە. داتاکان بۆ نیشاندانی قەوارەی پەککەوتەیی لە عیراقدا بەکار دێن و ئەمەش بەدەوری خۆی بۆ گەشەپێدانی ستراتیژ و پلانی زیاتر بەمەبەستی باشکردنی گەیاندنی خزمەتەکان بۆ خەڵکی پەککەوتە زۆر گرنگە .

### نەخشەرێگا بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵی و کار پەیداکردن لە عیراقدا

نوێنەرانی حکومەتی عیراق و رێکخراوی (فاو) یەکەم کۆبوونەوەی وەزاریی (بەرنامەی پشتگیریی کار پەیداکردن و گەشەکردنی کشتوکاڵ)ی عیراقییان لە بەیروتی لوبنان لە رۆژانی ٢١-٢٢ی حوزەیران بەست.

لەو کۆبوونەوەیە بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان ئامادەبوون. کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر دەوری سەرەکیی کەرتی کشتوکاڵ کردەوە لە بەدەستهێنانی جۆراوجۆرکردنی ئابووری و کار پەیداکردنو خۆشگوزەرانی لە عیراقدا. هەروەها کۆبوونەوەکە تاوتوێی نەخشەرێگایەکیشی کرد بۆ گەشەدان بە (ستراتیژ و سیاسەتی نیشتمانیی وەبەرهێنانی کشتوکاڵ)ی لەسەر بنەمای بەڵگە دامەزراو لەگەڵ بەرنامەکانی پێشینەکاریش.

ئامانجی سەرەکیی بەرنامەکە بریتییە لە لابردنی بەربەستەکانی گەشەکردن لەسەر ئاستەکانی سیاسەت و دامودەزگایی و زەویزاری کشتوکاڵی لەرێگەی بەهێزکردنی وەبەرهێنانی گشتی و دانی مەودایەکی فراوانتر بە کەرتی تایبەت.

بەشداران لەسەر ئەوە رێککەوتن کە جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی دەستپێشخەرییەکە بەندە بە بەشداربوونی کاریگەر لەگەڵ حکومەتی عیراق و دروستکردنی هێلکاریی تەواوی بەرپرسیارییەکان.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی رای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی راگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسڕی

نوسیار: کرێستۆفەر سێسمانیک

مۆنتاجی وێنەکان: بیکەم ئەکبەرزادە

دیزان و گرافیک: سالار بریفکانی

**لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

لە عیراقدا ١٦ رێکخراو و بەرنامە و ئاژانس و سندوقی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەن: رێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO) و رێکخراوی کاری جیهانی (ILO) و رێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بو هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری- یونیسکۆ UNESCO و سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (( UNFPA و بەرنامەی نیشتەجێکردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (Habitat) و نوسینگەی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و رێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەوکان (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی ژنان (UNIFEM) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (UN OCHA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتەکانی پرۆژە - یونۆپس (UNOPS) و رێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO ).

وتاری وێنەیی

# گەران بەشوێن حەوانەوە لە هەولێر

بەگوێرەی کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەناهندەکان (UNHCR)، تێکڕای ٩٧٠٤ خێزانی ئاوارەی ناوخۆ (٥٣٣٧٢ کەس)ی راکردوو لەدەست ئەو توندوتیژییەی تا ئێستاش لە پارچەکانی تری عیراق هەر سەرهەڵدەدا، لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق دەژیەن. زۆربەیان ئەو خێزانە کوردانەن کە لەدەست توندوتیژییەکانی موسڵ و بەغداد رایان کردووە لەگەڵ چەندان خێزانی تری عەرەب ناوەڕاست و خوارووی عیراق. لە لایەکی تریشەوە، چەندان خێزانی کریستانی شارەکانی بەغداد و موسڵیش و کەمێکی کەرکوکیش پەنایان بۆ هەولێر هێناوە. لەبەر گرانیی شاری هەولێریش، زۆربەی ئەو خێزانانە لە شارۆچکە و گوندەکانی دەوری شار دەژیەن. کۆمیسیاریای باڵای پەناهندەکان (UNHCR)یش، لەگەڵ هاوبەشکارە ناخۆییە جێبەجێکارەکەی،(رێکخراوی فریاکەوتنی میللی)، دارایی بۆ خواردن و کەلوپەلە ناخۆراکییەکان دابین دەکات لەگەڵ پێشکەشکردنی پارێزگاریی یاسایی و راوێژپێکردن لە رێگەی (بنکەی یارمەتی و پاراستنی هەولێر)ی ئەو رێکخراوەوە. وێنە: بیکەم ئەکبەرزادە



عەواد، کە هەر لەناو وڵاتەکەی ئاوارە بووە، بۆ ماوەیەك بێکار بوو. ئەو خانووەی کە ئەوان دۆزییانەوە بنەمایە. هەرچەندە هەرچی توانیبوویان لە بەغدادەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بەڵام ئەو خێزانە هێشتاش پێویستیە سەرەکییەکانیان نییە.



بەو پێیەی قوتابخانە لە پایزدا دەکرێتەوە، تۆمارکردنی منداڵی ئەو خێزانانە گرفتی تێدەکەوێت چونکە زۆربەی ئەو خێزانانە دیکۆمێنتی پێویستیان نییە وەك ناسنامە.



کەمئەندامی پەکی منداڵان ناخات. سارا و ئامۆزاکەی توانیویانە زمانی تایبەتی لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن.



ئەحمەد عیناد عەواد سەرۆکی خێزانێکی ٧ کەسییە. ئەو، وەکو عەرەبێك، دەڵێت کە لەگەڵ خێزانەکەی لە مانگی رابردوو لە بەغدادەوە پەنایان بۆ هەولێر هێناوە بۆ رزگار بوون لەدەست ئەو هێرشە تاکوتەرایانەی کە تائێستاش بەرۆکی عیراقیان بەرنەداوە.



خێزانی عەواد بەم زووانە وەك ئاوارەی ناوخۆ تۆمار دەکرێن و خۆراك و کەلوپەلی ناخۆراکیش لە رێگەی کۆمیسیاریای باڵای پەناهندەکان (UNHCR) و هاوبەشکارە جێبەجێکارەکانی،(رێکخراوی فریاکەوتنی میللی) وەردەگرن.



ئەحمەد فازیل نەسار و خێزانەکەی لە ٢٠٠٦ەوە ئاوارەن. دوای تەقاندنەوەی مزگەوتەکەی سامەرا و توندوتیژییەکانی دواتر، نەسار ، بە مەبەستی گەڕان بە دوای ئارامیدا، خێزانەکەی هێنا بۆ هەولێر.



نەسار، کە سەرپەرشتیی خێزانێکی ٥ کەسی دەکات، لەگەڵ خێزانی سەعیدی برای لەو خانووەی کە بەشێوەیەکی کاتی دروستیان کردبوو بە یەکەوەن. برازاکەی بە ناوی سارا سەعید فازیل تووشی گوێگرانی بووە بەڵام بەهیوایە کە بە نەشتەرگەری چاك ببێتەوە.